# فەرموون چایەکی گەرم



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# فەرموون چایەکی گەرم

کۆمەڵە چیرۆک

**عەزیز مەحموود پوور**



کتێب: فەرموون چایەکی گەرم – کۆمەڵە چیرۆک
نووسینی: عەزیز مەحموود پوور
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٥٢٣
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: جەلال ئەلیاس + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٣٤١)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

## بەسەرهاتی ئەو چیرۆکنووسەی پێی خۆش بێ بەشەوێک چاردە چیرۆک دەنووسێ

بەڵێ ئەوە ئەو چیرۆکنووسەیە کە دەمهەوێ لێی بدوێم؛ ئەو کە پێی وابوو دەتوانێ بە شەوێک چاردە چیرۆک بنووسێ کە هیچ کامیان لێک نەچن، لە جێیەکدا خوێندبوویەوە «ئێرنێست هێمینگوێی» توانیویەتی بەشەوێک دە چیرۆک بنووسێ؛ بەڵام ئەو دەیویست چاردە چیرۆک بنووسێ. پێی وابوو دەتوانێ بۆ هەر وشەیەک چیرۆکێک بنووسێ؛ مەسەلەن بڵێ: تەندوور و منداڵی خۆی وەبیر بێتەوە و تەواوی ئەو شەوانەی کچە مامەکەی لە گوێی (تەندوور) بەدەم توو ترووکاندنەوە حەقایەتی بۆ دەگێڕانەوە؛ یان بڵێ: خودا و قسەی نیچە و داستایۆفسکی لە گوێیدا بزرینگێتەوە کە دەڵێن: ... بەڵام ئەو کاری بەوە نەدابوو ئەوان چ دەڵێن.

ئەو دەیزانی بێتو پێی خۆش بێ، دەتوانێ بەشەوێک چاردە بگرە پتریش چیرۆک بنووسێ، کە هیچ کامیان لێک نەچن؛ مەسەلەن بڵێ: ئاشق و چیرۆکێکی کۆنی خۆی - کە ساڵەها لەمەوبەر نووسیبووی - بێتەوە یاد.



هاتبۆوە یادی، ئەو قەت نەیتوانیبوو ئاشق ببێ. جا هەر بۆیەش ویستبووی ئاشقانەترین چیرۆکی دنیا بنووسێ؛ بەڵام لە جەنگەی نووسیندا هەستی کردبوو ئاشقی قارەمانی چیرۆکەکەی خۆی بووە.

زۆر حەولی دابوو بیانوویەک وەبینێ هەتا ئاشق لە درێژەی چیرۆکەکەی دەرباز بێ و بۆ خۆی ببێتە قارەمان و هەڵبەت ئاشقی چیرۆکەکەی خۆی؛ بەڵام ئاشق پێی دەزانێ و بەتووڕەییەوە بەسەریدا دەگوڕێنێ و دەڵێ: تۆ چیرۆکنووسێکی خوێڕی و بێ ویژدانی؛ دەنا تەماحت لە دۆستەکەی من نەدەکرد، ئەویش تووڕە دەبێ و لە وڵامیدا دەڵێ: دەبێ کۆتاییەکتان بۆ بنووسم، تەواوی دنیا قوڕتان بۆ بپێوێ؛ بەڵام بەیانی کە ویستبووی پاشماوەی چیرۆکەکەی بنووسێ، قۆڕترین و تاڵترین ڕووداوێک کە بەزەینی کەس ناگات - ڕووی دابوو. بەچاوی خۆی دیبووی تەنانەت وشەیەک لەسەر کاغەز نەماوە. ئاشق دڵدارەکەی هەڵگرتبوو و کەس نەیدەزانی چوون بۆ کوێ؛ هەر لەو وەختەوەیە بەم ئاکامە گەیشتووە کە ئەو قەت ناتوانێ بیانوویەک بۆ ئاشق بوون وەدۆزێ؛ بەڵام لەوە دوودڵ نەبوو کە دەتوانێ بەشەوێک چاردە - بگرە پتریش - چیرۆک بنووسێ کە هیچ کامیان لێک نەچن؛ بۆ وێنە بڵێ: شەو و چاو لە سەعاتەکەی ببڕێ و دەست بکا بەبژاردنی چیرۆکەکانی و بزانێ (شەو) زۆری نەماوە و ئەو تەنیا دوازدە چیرۆکی نووسیوە. پێش ئەوەی دەست بکا بە نووسینی چیرۆکی سێزدەهەم - لە خۆڕا - تەواوی ئەو بوختانانەی بەم ژمارەیان کردبوو، هاتەوە بیر هەر بۆیەش ویستی چیرۆکێک سەبارەت بەپاکی و بێ گوناحی سێزدە بنووسێ.

دەستی برد بۆ خودکارەکەی و...

تێبینی:

(ئەم دێڕانەی خوارەوە بەیانی ئەو شەوە نووسراون)

بەڵێ – عەرزم دەکردن – دەستی برد بۆ خودکارەکەی، بەڵام خودکار نەیدەنووسی.

جەوهەرەکەی تەواو ببوو. تەواوی وڵاتی سەنگ و سوژن دا، کەچی هیچ شتێک کە بتوانێ درێژەی چیرۆکەکانی پێ بنووسێ و قەولی خۆی پێ بەرێتە سەر وەچنگ نەکەوت. بەناهومێدی سیرەی چاوی دایە خودکارەکەی و سەر لە نوێ چیرۆکەکانی بژاردنەوە. دەیزانی خەتای هەڵچۆڕانی خودکارەکەیەتی؛ دەنا ئەو ئێستاش هەر ئیمانی بەم قسەیەی خۆی هەیە کە دەتوانێ بەشەوێک چاردە – بگرە پتریش – چیرۆک بنووسێ کە هیچ کامیان لێک نەچن.

۵/۱۲/ ۱۳۸۰

دارەگردەڵە

## زارم بۆنی مۆزی لێ نایە

هەرچەندە من تا ئێستێ قەتم مۆز نەخواردووە و قەتیشی ناخۆم، بەڵام هەر وەختێکی لە لای دەزگیرانم ڕادێمەوە دایکم پێم دەڵێ: «زارت بۆنی مۆزی لێ دێ». ئەو وەختەی بۆ یەکەم جاریش سیغارم کێشا، دایکم هەر پێی کوتم: ئەو بۆنە سیغارە چییە لێت دێ؟ دایکم نازانێ دەزگیرانم ڕۆژی چوار مۆز دەخوات و هەر لەبەر ئەویشە سیغارم تەرخ کردووە و چ ڕاست و چ درۆ، خۆشترین کاتی ژیانم ئەو وەختەیە دەزگیرانم پاکەتی مۆزەکەم لە دەست وەردەگرێ و بەتامەزرۆییەوە دانەیەکیان - وەک ئەوەی بیهەوێ لاپەڕەی کتێبێکی فەلسەفی هەڵداتەوە - پاک دەکات و بەدەم منەوە پێدەکەنێ.

هەرچەند دەزگیرانم لە حاند مۆزنەخواردنی من هەڵوێست ناگرێ و ئەمە بە شتێکی ئاسایی دەزانێ و قەت نەبووە لەم بارەوە سەرکۆنەم کات، بەڵام من بۆ خۆم دەبوو هەموو شتێکم لێ ڕوون کردباوە و پێم کوتبا حاڵ و مەسەلە چییە. شتەکە وایە کە ڕەنگە هێندێک سەیر بێتە بەر نەزەر، بەڵام



من دڵنیام ئەم مەسەلەیە پێوەندی بەبیرەوەرییەکی ڕابردوومەوە هەیە و کەسیش پێم وانیە بتوانێ لە چنگ ڕابردوو و بیرەوەرییەکانی هەڵێ. دەبێ ئێوارەیەکی فێنک بووبێ کە لەگەڵ دەزگیرانم بۆ پیاسە چووینە قەراغ شار. دەستم خستبووە نێو دەستی و نازانم بۆ هەستم بەغوربەتێکی سەیر دەکرد؛ مەبەستم ئەوەیە پێم خۆش بوو بچینە ژێر سێبەری دارێک و من سەر بکەمە سەر ڕانی دەزگیرانم و ئەویش دەست بکا بەمۆز خواردن و من چاو لە چاوە ڕەشەکانی ببڕم و لە نێویاندا بکەومە مەلە؛ کەچی ئەو لەناکاو دەستی بەردام و پاکەتی مۆزەکەی لە دەست ڕفاندم و بەهەڵاتن لە پردی قەراغ شار پەڕییەوە. چاوم لێ بوو - لەو بەری پردەکە - دەستی کرد بەپاککردنی مۆزێک و من لە نێوەڕاستی پردەکەدا لاقم لە بەست چووبوون و گیانم وە سەر ئارەق گەڕابوو؛ ژانەسەرێکی کۆن لە مێشکم هاڵابوو و دیتبووم مۆزی دووهەمیشی پاک کرد. ئەژنۆم بڕستیان لێ بڕابوو و خەریک بوو بەم یەقینە دەگەیشتم ناتوانم هەنگاوێکی دی هەڵێنمەوە. دەزگیرانیشم زاری دەجووڵاوە و بێڕەحمانە مۆزەکەی دێنا و دەبرد. چاوم لە ڕەشەوە هاتبوو و پێم وانییە دیتبێتم مۆزی سێهەمی پاک کردبێ؛ بەڵام تەواو دڵنیا ببووم کە ناتوانم پەل ببزێوم؛ بەتایبەت کە هەستم کردبوو پردەکە لە موو باریکتر بۆتەوە. کوت و پڕ بە زەینمدا هاتبوو وەختایەک دایکم دەم دەنێتە ناو دەمم؛ زارم بۆنی مۆزی لێ نایەت.

٢٢/ ١٢/ ١٣٨١
دارە گردەڵە

## بابم پیاوێکی سەیرە

خەڵک وا دەڵێن و منیش هەر پێم وایە بابم پیاوێکی سەیرە؛ دەست کورتە؛ بەم حاڵەش بەهیوایە...

ئاخر دایکم چوار ساڵە عومری خودای کردووە. ئێمە سێ سەر خێزانین؛ من و خوشکم و بابم، کە پێم وایە بێتو نەخشەکەی سەر بگرێ و پووڵێکی بکەوێتە دەستەوە – سەر لە نوێ – ژن دەخوازێت. بەینێکە کێچ کەوتۆتە کەوڵی و حەجمانی لێ هەڵگیراوە.

ئەم سەر و ئەو سەری حەوشە دەکا و لەبەر خۆیەوە دەبۆڵێنێ: «بیست و یەک ڕۆژی بەسە و ئەو وەخت وردە وردە...»

کەس نازانێ کێ لەبەری هەڵخوێندووە و ئاوا لەونی لێ گۆڕیوە؛ دەنا پیاوێکی وەک بابم بۆ دەبێ ئەوەی پووڵی هەیەتی – با زۆریش نەبێ – بیدا بە چوار هێلکە مریشکی لاری و بەنۆبە بیانخاتە بن مریشکێکی سەر بەکڵاوە و بەهیوا بێ ببن بەجووچکە و جووچکەکانیش ببن بە کەڵەشێر و دواییش...



دوایەکەشی بۆ کوتن نابێ و بۆم دەرکەوتووە بابم هەر ئەوەندەی هەوای شتێک لە کەللەی بدا تازە وا بەهاسانی دەستبەردار نابێ؛ ئاخر ئەو حەڤدە ڕۆژە هێلکەیەکی خستۆتە بن مریشکەکە و ئاراوقارای لێ هەڵگیراوە. چوار ڕۆژی ماوە هێلکەکە بترووکێ و چاوی بابم ڕوون بێتەوە؛ کەچی مریشکەکە هێلکەکەی بە دنووک کون کرد و بەکورکەکورک هەڵفڕییە سەر دیواری حەوشە. بابم بەقامک هێلکەی قەڵاشت و دەڵەمەیەکی بۆگەن و خوێناوی بەسەر عەرزەکەدا بڵاوبۆوە؛ هێلکەکە پیس ببوو. ناعیلاج هێلکەیەکی دیکەی خستە ژێر مریشکەکە و چاوەڕوان مایەوە.

من ئێستاش بۆم ڕوون نەبۆوە، بابم چۆناوچۆنی لێک دابۆوە. ئەو دەیکوت: بێتو پاش بیست و یەک ڕۆژی دیکە هێلکەکە بجووقێ و جووچکەکە سەر وەدەرنێ وەک ڕۆژ ئاشکرایە – وردە وردە گەورە دەبێ و دەبێ بەکەڵەشێرێکی لاری و دوایی دەتوانم... بەڵام ئەمانە هەموو خەیاڵاتی ئەو بوون و قەتیش دوایی نەدەهات.

بەیانی ڕۆژی بیست و یەکەم من و خوشکم و بابم، بەدیار مریشکەکەوە هەڵکورماین. بۆیە خۆم و خوشکیشم ڕەگەڵ دەخەم چونکێن دڵە خورپەی بابم کاری کردبووە سەر ئێمەش؛ جا بۆیە نەماندەتوانی سەبارەت بەچارەنووسی هێلکەکانی ئەو بێلایەن بین. وەختایەک مریشکە سەر بەکڵاوەکە لەسەر هێلکەکە هەستا و جیقنەیەکی سەوزی فڕێ دا و سەرمەستانە خۆی ڕاوەشاند، ئێمە سەرنجمان پەڕییە سەر هێلکەکە و من و خوشکم کوتەکوتی دڵی بابمان دەبیست؛ پاش ماوەیەک هێلکە جووقا و ئێمە تووکە نەرمەکانی سەریمان دی وا هێندێک زەردێنەی پێوە نوسابوو. جووچکەکە خۆی لێک کێشاوە و توێکڵەکەی لەبەریەک هەڵوەشاند. بابم جگەرەیەکی داگیرساند و چوو لەسەر لێواری حەوزەکەی نێوەڕاست حەوشە ڕۆنیشت. چاوی بڕییە جووچکەکە وا خۆی لە بن باڵی مریشکەکە دا شاردبۆوە. من دەمزانی پرسیارێکی سامناک دڵی بابم ڕێک دەکوشێ:

– بلێی جووچکەکە نێر بێت؟

دەیکوت: بەسیەتی حەوتوویەک تێپەڕێ هەتا بۆم مەعلووم بێ.

بۆی مەعلووم بوو، جووچکەکە مێ بوو. هەر چەند ئێستا چنگێک پەڕوپۆی نەرم بوو، بەڵام ئەو بێڕەحمە بەتەواوی هێزەوە لە دیواری حەوشەی ڕاکێشا و ئێستاش خوێنەکەی هەر بەویێوەیە. مریشکەکەش لە تاوان بەبابمدا هەڵپرژا. ئەویش بێ ئەوەی شلوێ بێت هێلکەی سێهەمینی نایە بن مریشکەکە و چاوەڕوان مایەوە. بابم پێی وابوو چارەنووسی ماڵی ئێمە و ئەم هێلکانە لێک گرێ دراون و بێتو ئەم جارەیان سەر نەگرێ.... بەڵام نیگەرانی ئەو لەخۆڕابوو، چونکێن هەر پاش بیست و یەک ڕۆژی دیکە هێلکەکە جووقا و پاش حەوتوویەک بۆی دەرکەوت ئەمەیان دەبێتە کەڵەشێرێکی لاری و دەتوانێ...

کەچی نەیتوانی. هەر چەند جووچکە کەڵەشێرەکە خڕەکە ببوو و لۆقی درێژی دیار کەوتبوون، بەڵام نیوەڕۆیەک من و خوشکم چاومان بەبابم کەوت کە لە تەنیشت حەوزەکە زۆڕەزۆڕ دەگری. جووچکە کەڵەشێرەکە کەوتبووە حەوزەکەوە و خنکابوو. بابم خەتای خستە ئەستۆی مریشکە سەر بەکڵاوەکە؛ هەر بۆیەش سەری بری و بۆ شەوێ خواردمان. لە بەیانی ئەو شەوەوە بابم وەک مریشک دەکورکێنێ و لەسەر هێلکەی چوارەم هەڵنیشتووە. جارجار کە نان و ئاوی بۆ دەبەم، لەو قوژبنە تاریکەدا دەیبینم باڵی لێک فش کردۆتەوە و پێی خۆش نییە زۆری لێ نزیک ببمەوە.

من و خوشکیشم چاوەنواڕی جووقانی ئەو هێلکەیەین و حەجمانمان لێ هەڵگیراوە.

بۆکان ١٤/ ٥/ ١٣٨١

# ڕووداوێکی دڵتەزێن

بەپەلە گووشی تەلەیفوونی هەڵگرتبوو و پێوەندی بەدوو براکەی - کە لە شارێکی دی دەژیان - گرتبوو. بۆی مەعلووم ببوو لە ماڵ نین و ڕایگەیاندبوو دەبێ خۆیان بگەیەننە ئێرە، هەتا چارەیەک بۆ ڕووداوەکە وەبینن.

ئێستاش سەعاتێک دەبوو براکانی گەیبوونێ. هەریەکیان باسی دووری ڕێگا و ماندووبوونی خۆیان بۆ گێڕابۆوە. وەختایەک ویستبووی سەبارەت بەڕووداوەکە بۆیان بدوێ، براکانی کوتبوویان: جارێ زۆر برسین و پاش حەسانەوە بە وردی هەموو شتێکمان بۆ بگێڕەوە؛ بەڵام پاش نان و چا بە جووت خەویان لێکەوتبوو و دەمەو ئێوارێش - کە خەبەریان ببۆوە - بۆ گەڕان چووبوونە نێو بازاڕ و تاریکان گەڕابوونەوە. پاش شێو خواردن چاویان لە فیلمێکی کومێدی بڕیبوو و لەبەر پێکەنین ئاو بەچاویاندا هاتبووە خوارێ؛ دوایيش بۆی خەوتبوون. بەیانی کە هەستابوو دیتبووی براکانی لە جێدا نەماون.

# کەس نازانێ
# خاڵم چۆناوچۆن خۆی دەکوژێ

ئەوەی بە چ هۆیەک بەوەها ئاکامێک گەیشت مەعلووم نییە و لەوانەیە قەتیش مەعلووم نەبێ؛ بەڵام ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە و کەس ناتوانێ دوودڵ بێ لە ڕاست بوونی، ئەوەیە خاڵم پیاوێک نەبوو گەڵاڵەیەک بۆ کارێک دارێژێ بەبێ ئەوەی مەنتق و بەڵگەیەکی قایمی بۆ کارەکەی هەبێ. هەرچەند کەس لێی نەبیستبوو بۆچی دەیهەوێ خۆی بکوژێ؛ بەڵام تەواوەتی بنەماڵەکەمان لێیان عەیان بوو قسەیەکی خاڵم بیکا لە خۆڕا نییە و ئەلعانیش کە کوتبووی خۆم دەکوژم، هەموو دەیانزانی قسەی خۆی دەباتە سەر؛ بەڵام کەس نەیدەزانی چۆناوچۆن. جا بۆیە هەرکەس بەپێی زەینی خۆی نەخشەی خۆکوژی خاڵمی دادەڕشت و لێکی دەداوە.

باوەگەورەم بابی دایکم دەڵێ: من کوڕی خۆم باش دەناسم، تاڵترین و پیاوانەترین مەرگ بۆخۆی هەڵدەبژێرێ. ئەو پێی وایە خاڵم لە شەوێکی



تاریکدا کە هەموو خەومان لێ کەوتووە، بەدەنگی تەقەیەک ڕاماندەچڵەکێنێ و وەختایەک دەچینە دیوەکەی، دیوارە سپییەکەی پشت سەری پڕبووە لە پنۆکی سوور و ئێمە پشتەسەری خاڵم دەبینین گوللە هەڵیگرتووە.

بنەماڵەی ئێمە ئەوە بەحەقی باوە گەورەم دەزانن – ئەو جۆرەی پێی خۆشە – چارەنووسی خۆکوژی خاڵم دیاری کات و کەسیش – پێم وانییە – لەم بارەوە گلەیییەکی هەبێ... بەڵام ئەوەش نابێتە هۆی ئەوە کەسی دیکە بۆچوونی خۆی ڕانەگەیەنێ. مەسەلەن نەنکم (دایکی خاڵم) پێی وایە ئەم جۆرە خۆکوژییە (یانی بەتفەنگ) باوی نەماوە و پیاو دەبێ بەدوای ڕێی تازەدا بگەڕێ. دەبێ ئەوەش بڵێم باوە گەورەم وەبیری نایە قسەیەکی کردبێ و دایە گەورەم بەرهەڵستی نەدابێتەوە و پاش ئەو هەموو ساڵە بۆی دەرکەوتووە خۆ گێل کردن و بێدەنگی لە حاست قسەی نەنکم – کە جارجار بۆنی تەوسیشی لێوە هاتووە – لە هەموو شتێک باشترە. لە مەسەلەی خۆکوژی خاڵمدا نەنکم دەیگوت: ئەوە قسەیەکی قۆڕە کە تۆ پێت وابێ کوڕی خۆت باش ناسیوە و ڕاست بەو جۆرەی کە تۆ پێت خۆشە دەبێ خۆی بکوژێ؛ تازە گریمان هەرواش خۆی کوشت، ئەوە چی دەسەلمێنێ؟ مەگین غەیری ئەوەیە تۆ کوڕی خۆت باش نەناسیوە؟ نەنکم پاشان چاوی وەک زارکی توورەکەیەک وێک دێنێتەوە و بەچەشنی فەیلەسووفێک – کە بیهەوێ بۆچوونێکی تازە دەربڕێ – دەڵێ: کوڕی من ئاشقی ڕێی تازەیە و پێم وانییە بە ڕێیەکدا بڕوا کە هەزاران جار بەتاقی کراوەتەوە. من دڵنیام بۆ خۆشی ئاگادارییەکی وای بەسەر ئەو ڕێیەدا نییە و لەوانەیە لە نیوەشەوێکدا پێی ئیلهام ببێ.

بەڵام باپیرم بەبێ ئەوەی چاوی لەچاوی نەنکم بڕیبێ بەتوورەیییەوە کوتبووی: داییم بۆوەی گرینگی قسەکانی نیشان بدات بەپێچ و پەناوە

قسەدەکا؛ دەنا چۆن کوڕی من بەبێ ئەوەی بزانێ چۆناوچۆن خۆی دەکوژێ، وەها بڕیارێکی داوە. کەچی نەنکم سەرمەستانە لووتی هەڵێنابوو و بێدەنگییەکی تاڵی بەسەر باوە گەورەمدا پژاندبوو. بێدەنگی نەنکم نیشانەی ئەوە بوو، قسەی کابرا وەها نەبووە کە شیاوی وڵامدانەوە بووبێ. هەر بۆیەش باوەگەورەم لە حاست خۆی تلیسایەوە و چیدی نەکوت.

من دڵنیام پێشنیاری پوورم - کە تازە خۆی ناسیوە و هەڕەشەی کردووە حەزلێکردوویی بکات - لە هەموویان بێتامتر بوو. پوورم دەیکوت: من دەزانم کاکم دەچێتە حەمامەوە و پووتێک نەوت بەخۆیدا دەکا و جا ئەو جار دەس دەکا بەهەڵکردنی شەمچەکە.

دایکم پێی وایە خاڵم پیاوێک نییە بەهاسانی خۆی بکوژێ و بیروبۆچوونەکانی ئێمە بەو جۆرەی بە کەیفمانە وەدی بێنێ. دایکم قەت ئەو شتەی لە دڵیدایە دەسبەجێ نادرکێنێ؛ بەڵکو شێر و ڕێویییەکی زۆرت بۆ دێنێتەوە و پاشان چکەچکە لێت مەعلووم دەکا مەبەستی چی بووە. لای دایکم وایە خاڵم ڕۆژێک - کە سەری مانگ دەبێ و تازە پووڵی مانگانەی وەرگرتووە - دەم بەبزەوە وەژوور دەکەوێ و پێمان ڕادەگەیەنێ بۆ نەهار میوانی ئەوین و دەمانبا بۆ قەراغ دەریا. خاڵم دوو شەوی ئاخری حەوتە لە قەراغ دەریا دەمێنێتەوە و شەوێکی مانگەشەو بێت، هەتا درەنگانێک لە نێو ئاودا مەلە دەکات. (خاڵم عەجەب مەلەوانێکە). دایکم دەڵێ: هەر یەکێک لەو ڕۆژانە دەبێ ئێمەش لەگەڵ خۆی دەبا بۆ قەراغ دەریا و ڕاست لەو جەنگەیەدا کە خەریکی کەباب برژاندنین خاڵم دەچێتە بن ئاو و ئیدی نایەتەوە دەرێ، یانی مەبەستی ئەوەیە خۆی دەخنکێنێ و بەڕای دایکم ئەم جۆرە خۆکوژییە خۆشترین مەرگە بۆ خاڵم.

بابم کە بەوردی گوێی دابووە قسەی دایکم و بە چاویدا دیار بوو شانازی پێوە دەکا، لای وابوو مەسەلەی خۆکوژی خاڵم شتێکی شەخسییە و چ



دەخلێکی بەو نەداوە و نابێ دەم لە شتێکەوە وەردات کە چ پێوەندییەکی بەوەوە نییە؛ بەڵام باوەگەورەم (بابی دایکم) پێی ڕاگەیاند ئەویش حەقی ئەوەی هەیە لەم بارەوە بدوێ و دەبێ بەم جۆرە حەقی ڕەفیقایەتی خۆی دەرحەق بەخاڵم بەجێ بێنێ.

بابم لە منداڵی ڕا لەگەڵ خاڵم ڕەفیق بووە و لەوانەیە بزانێ خاڵم چۆناوچۆن خۆی دەکوژێ؛ هەر بۆیەش تەنانەت نەنکم کە کەم وابووە داوای شتێک لە کەسێک بکا، لە بابمی ویست هەڵوێستی خۆی دیاری کا و دڵنیابێت کە هیچ کاممان لەو کارەی دڵمەند نابین.

بابم بەپێی ئەو زەینییەتەی لە منداڵیڕا لە خاڵمی هەبوو، بۆچوونێکی یەکجار جیاوازی دەربڕی. ئەو دەیکوت: وەک ڕۆژ عەیانە لە قەرەباڵغی ئێوارەیەکدا - کە نازانێ چ ئێوارەیەک دەبێ، خاڵم دەچێتە سەربانی ئیدارەکەی خۆی. ئەو ئیدارەی خاڵم کارمەندییەتی شەش تەبەقەیە. [هەموو پێمان وابوو دەڵێ: لەوێڕا خۆی بەردەداتەوە و هەموو شتێک تەواو دەبێ، کەچی کوتی]: هەر لە تەبەقەی یەکەمدا بەم ئاکامە گەیشت ژیان بایەخی ئەو هەموو چەرمەسەرییەی نییە و دەبێ خۆی لە چنگ رزگار کا. لە تەبەقەی دووهەمدا بەدڵی دا دێ خۆکوژی هەڵبژاردنێکی تاقانەیە؛ یانی تەنیا شتێکە کە پیاو دەتوانێ بەئاکامی بگەیەنێ. جا ئەگەر وایە بۆ سەرنەکەوێ؟. لە تەبەقەی سێدا خاڵم بیری لە ڕابردوو کردۆتەوە و بەم ئاکامە گەیشتووە داهاتووش لەوانەیە هەر وابێ و چ مەجبوور نییە درێژە بەوەها ژیانێکی بێ تام و دووپاتە بدات و بۆ گاڵتەش بێ، دەبێ پەندێک بەسەر ئەم ژیانە مەلعوونە بێنێت. لە تەبەقەی چواردا بەخەیاڵیدا هاتووە پیاوێکی وەک ئەو بوون و نەبوونی بۆ ئەم دونیا بەرینە وەک یەک وایە و پێی وانییە جیهان بەبێ ئەو زەرەرخوردە ببێت. ئەو وەختە دێنێتە بەر زەین وا دنیا ئەوی تێدا نییە و بەبێ ئەوەی هەست بەنەبوونی بکردرێت

هەڵدەسووڕێ و هەڵدەسوڕێ. لە تەبەقەی پێنجدا ئەم مەسەلەیەی لە زەینیدا شی کردۆتەوە کە بێتو ڕۆژێک دنیا ئەوی تێدا نەبێ، چی بەسەر دێ؟ دڵنیا دەبێ شتێکی سەیر ڕوونادا؛ تەنیا لەوانەیە کاروباری ئیدارە بەڕێک وپێکی بەڕێوە نەچێ و لە ماڵێش مەودای چاوەڕوانیان هێندێک درێژ بێتەوە و بەبێ ئەو نەهار نەکەن؛ بەڵام بەهەر حاڵ عادەتی ماڵێ و ئیدارە تێک دەچێ جا با ڕۆژێکیش بێ. لە تەبەقەی شەشدا بەم یەقینە گەیشتووە ژیان بەو جۆرەی ئەو کۆڵی پێوە هەڵگرتووە ناخۆش نەبووە یانی بیانوویەکی بۆ زیندوو بوون هەبووە. شایەد هەر لەبەر ئەوەش بووبێ هەستی کردووە سەیر ئیشتیای لە مەلەیە و مەودا نەماوە. لە سەربانڕا چاوی لە ئاپۆرەی خەڵک لە پێڕەوی خیابان بڕیوە و دیوبەتی وەک جۆگەلەیەکی لیخن، تێک ئەنگاون و شەپۆلیان داوە. لە لێواری سەربان نزیک بۆتەوە هەتا خۆی هەڵدێرێ و کوتوپڕ چاوی بەدیمەنێکی سەیر کەوتووە و هەستێکی نەناسراو لە دەروونیدا سەری هەڵداوە. هەموو چاوەڕوان بووین بابم ڕازی ئەو هەستە نەناسراوەمان بۆ بدرکێنێ؛ تەنانەت نەنکم – کە ژنێکی لەسەرەخۆیە و زۆر کەم وا هەیە مەسەلەیەک سەرنجی ڕاکێشێ – کەوتبووە جووڵەجووڵ و بەم شێوەیە بێقەراری خۆی دەدرکاند. (بەڵام ئێستاش هەر پێم وایە بابم نەدەبوو قسەکانی لە لای ئەوان و بەتایبەت ئەو ئاگا لە خۆبڕاوەی پوورم درێژە پێ دابا؛ بەڵام دەڵێی چی بابم ئاوایە و خەڵکیش کەیفی خۆیانە). ئەو دەڵێ: خالم لە سەربانی ئیدارەکەی ڕا چاوی بەحەمامی ماڵێک دەکەوێ – کە کچێک لەوێدا خەریکی خۆشتن بووە؛ خالم بەدیتنی ئەندامی کچە خۆکوژی لە بیر چۆتەوە و دڵی پڕبووە لە خورپە. لە لێواری سەربانەکە دوور کەوتۆتەوە و کاسە سەری لە نێو هەرتک لەپی دەستیدا ڕێک کوشیوە، بیرێکی تازە حەجمانی لێ هەڵگرتووە: ژن. ئەو قەت بیری لەم دنیایە نەکردبۆوە و قەت پێی وانەبوو وەها پرسیارێک لەبەردەمیدا – ئەویش ڕاست لەم حەلەدا قوت



ببێتەوە. ژن لە ژیانی خالمدا شتێک بووە سەر بەدنیای خەون و خالم کەم تا کورت لە مانگدا سێ جاری خەون بەژنەوە دیوە؛ ئێستاش ڕوخساری ئەو ژنەی بۆ یەکەم جار خەونی پێوە دیوە هەر لە بیرماوە. کەچی ئێستا کە بەچاوی خۆی ئەندامی سەهۆڵینی ژنێکی لە تەم و مژدا دیبوو، بیری لەوە کردبۆوە: ئایا دروستە بەبێ ئەوەی ئەم دنیا نەناسراو و نامۆیە تەجرەبە کات، خۆی بکوژێ؟ ئەو پێی وابوو ئەم ئەزموونە بایەخی ئەوەی هەیە بۆ ماوەیەک گەلاڵەی خۆکوژی خۆی دوورخاتەوە. هەر بۆیەش بۆ جارێکی دیکە پڕ بەچاو لە دەلاقەی حەمامەکەی ڕوانیوە و پڕاوپڕی پرسیارێکی سووتێنەر بووە. بەڵێ کەس تەنانەت خالێشم ناتوانێ حاشا لەوە بکات. ژن پرسیارێکی گەورەیە و دەڕوات هەتا وڵامیکی بۆ وەبینێ.

خالم لە نهۆمی شەشدا بڕیار دەدا بچێ بۆ سەلمانی و دەستێک بەسەر و ڕدێنیدا بێنێ. لە نهۆمی پێنجدا بەدڵیدا دێ لە لای کەس ئەم مەسەلەیە نەدرکێنێ، هەتا نەبێتە بیانوویەک بۆ وانەی پێیان وایە دەستی لە خۆکوژی شتۆتەوە. لەنهۆمی چواردا هاتۆتەوە بیری: کچە یەکجار جوان بووە و پێی سەیر دەبێ هەتا ئەمڕۆ دەرفەتی ئەوەی نەبووە یان نەیویستووە بیر لە جوانی ژن بکاتەوە. لە نهۆمی سێدا بەزەینیدا دێ بێتو بۆ چەند مانگیش گەلاڵەی خۆکوژییەکەی وەپاش کەوێ، وانییە گەردێک لەسەر بڕیاری پیاوانەی بنیشێ و هەر کەس حەقی ئەوەی هەیە بەپێی ئەو دۆخە تازەیەی تێی کەوتووە هەل و مەرجەکان شی کاتەوە. لە نهۆمی دوودا هەست دەکا تەمی خۆکوژی ڕەویوە و دڵەخورپە دەروونی تەنیوە. لە نهۆمی یەکدا بەم یەقینە دەگات و تەنانەت سوێندیش دەخوات بێتو نەتوانێ ئەو کچە تەماوییە بێنێ لەڕێوە خۆی بکوژێ.

بەپەلە لە درگای ئیدارەکەیان دەردەکەوێ و خۆ بەسەلمانییەکدا دەکا.

دێتەوە ماڵێ. حەمام دەکا و جوانترین کۆت و شاڵوارەکەی لە بەر دەکا.

بابم دەڵێ: بەیانی مەرەخەسی وەردەگرێ و دەچێتە بەر دەرکەی ماڵ ئەو کچەی لە سەربانی ئیدارەکەیان ڕا دیبووی. هەتا ئێواریێ لەبەر دەرکەکەیان بۆتە سینگ و چاوەڕوان ماوە بەشکم بێتە دەرێ.

هاتۆتە دەرێ و خاڵم گەرووی پاک کردۆتەوە و کوتوویەتی:

خانم ببەخشن؛ دەمویست شتێکتان عەرزکەم. کچەکە سەر کوڵمەکانی ئاڵ بوون و بۆنێکی خۆشی لێوە هاتووە، بەسەر سووڕمانەوە کوتوویەتی: پێم وانییە جەنابتان بناسم. خاڵیشم مەند و لە سەرەخۆ – کە تایبەتمەندی هەموو کارمەندێکە – کوتوویەتی: (بەڵێ. بەڵێ هەر وایە، بەڵام ئەوە گرینگ نییە من ناناسن؛ بەڵکو گرینگ ئەوەیە من هەست دەکەم ئێوەم خۆش دەوێ).

کچە بۆنی خۆشی دووهێندە بووە و کوتوویەتی: پێم وانییە ئەم کارە ئیشکالێکی هەبێ؛ بەڵام نافەرموون چ کارەن؟

خاڵیشم کوتوویەتی: کارمەندی ئەو ئیدارەیەم وا ڕووبەڕووی ماڵی ئێوەیە.

کچە چاوێکی لە نهۆمی شەشی ئیدارەکەی خاڵم بڕیوە و کوتوویەتی: پێم وانییە ئیشکالێکی هەبێ منیش ئێوەم خۆش بوێ!

بەڵام ڕەنگە هێندێک پێیان وابێ شتی وا لە قیامەتیش جێ بەجێ نابێ و ئاخر چۆن؟ ئاخر چۆنی ناوێ و پاش ماوەی بۆچوونی بابم لەوەش سەیرترە.

بابم دەڵێ: خاڵم هەر ئەو شەوە دەچێتە خوازبێنی و ماڵ کچە لەوەی زاواکەیان کارمەندە یەکجار دڵ خۆشن و پاش حەوتوویەک – کە خاڵم بەباشی ژن دەناسێ – زەماوەند دەکا و چرکەیەک پاش ئەوەی دەبێ بەزاوا لە باوەشی بووکدا خۆی دەکوژێ.



هەرچەند هەموویان ڕەزامەندی خۆیان لە بۆچوونی بابم دەربڕی، بەڵام تێکڕا دەیانزانی پاش ئەو هەموو ریس و گوریسە هیچیان نازانن خاڵم چۆناوچۆن خۆی دەکوژێ. ئەوە تایبەتمەندی خاڵمە کە قەت پێشبینی ناکرێ. دەکرێ بڵێی وەک گوریسی نێو هەمبانە وایە و کەس سەرەندەری کاری ناکات. ئێستاش کە ماندوو و هیلاک لە ئیدارە گەڕاوەتەوە، هەموو سیرەی چاویان داوەتێ. هەموویان تەنانەت پوورم پێیان وایە بەدانەیەک لەو داوانەوە دەبێ کە بۆیان ناوەتەوە و بەم جۆرە پێشبینییەکانیان وەڕاست دەگەڕێ؛ بەڵام لەوانەیە بۆخۆشیان بزانن خاڵم پیاوێک نییە بەم ئاوانە قولی تەربێ. ئاخر هەموو دەیبینن زۆر لە سەرەخۆ دەمانچەکەی لە گیرفانی دەردێنێ و بەکەڕاکە سەری باپیرمییەوە دەنێ و مێشکی بەوڵاتدا بڵاودەکاتەوە. پاشان نەنکم دەکوژێ. ئەوجار بەتاسەوە دەس دەکاتە ملی بابم و گوللەیەک لە سەر دڵی دەدا. دوایەش بەرەو دایکم و پوورم دەچێ کە لە سووچێک خزاون و دەقیژێنن، بەدوو تەقە ئەوانیش بێدەنگ دەکا، دوای ماوەیەک تەرمی هەموویان لە پاڵ یەکدا ڕیز دەکا و هۆن هۆن فرمێسکیان بەسەردا دەڕێژێ و دەمانچەکەی دەخاتەوە باغەڵی.

١٣٨٢/٥/٣

بۆکان

# گۆچانێک بۆ ئەفلاتوون

ڕەنگە سەیر بێ؛ بەڵام ئەوەندەی ئەقڵ بڕ بکا گۆچانی هەیە و جۆراوجۆریشن. بۆ خۆی پێی وایە ئەم تاسەیە لەو وەختەوە لە دڵیدا ڕواوە کە لە منداڵیدا چاوی بەگۆچانی پیاوێکی پیر کەوتووە؛ قەفی گۆچانەکە بەشکڵی سەری مار بووە. بیانووی لە دایکی گرتووە و داوای ئەو گۆچانەی کردووە. دایکی لەو وەختەدا ڕوانیویەتە گوڵی ئەو کراسانەی لە پشت شووشەی دووکانی بەزازێک ڕیز کراون و گوێی نەداوەتە قسەی ئەو. کابرا بەخۆی  و گۆچانیەوە وەک تەمێک لە ئاسۆی ڕوانینیان ڕەویوە و مەفع بۆتەوە. کەچی قەفی ئەو گۆچانە بەزەینییەوە نووساوە و بڕیاری داوە ببێ بە نەجاڕ.

بووە بە نەجاڕ و دەستی کردووە بەسازکردنی گۆچان. لەوانەیە لە خۆشی ئاشکرا نەبێ چەند دانەی لەو وێنەیەی بەمنداڵی دیویەتی سازکردووە؛ بەڵام دەیزانی هیچکامیان ئۆخژنی ناخەنە دڵەوە. هەر بۆیەش پێی وابوو قەت لە سازکردنیان نابێتەوە. ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پتر هەستی بەقورسایی



گۆچان لە ژیانی خۆیدا دەکرد. وای لێ هاتبوو تەنانەت هەموو شتێک بەگۆچان بشوبهێنێ و پێی وابێ گۆچان پیرۆزترین کەرەستەیە. کەسیش نەیدەزانی چلۆن بەوەها ئاکامێکی سەیر گەیشتووە. لای وابوو دەتوانێ تەواوەتی دنیا بەگۆچان هەڵسەنگێنێ و لەبەر خۆیەوە دەیبۆڵاند: گۆچان باشترین پێوانەیە. لای وابوو دروشمی گۆچان و بەتایبەت قەفەکەی گەورەترین نهێنییە و ئێمە هەموومان گۆچانێکی چەماوەین و ئەو ئاخری ڕۆژێک دەتوانێ گۆچانێک سازکات کە لەگەڵ گۆچانی ئەو کابرا پیرە، موو لێ نەدات.

هەرچەند لەو وێنەیە تەنیا بیرەوەرییەکی منداڵی لە تاریکخانەی زەینیدا مابۆوە، بەڵام پاش ئەو هەموو ساڵە ئێستاش ئەندازە و ڕەنگ و بەتایبەت قەفی ئەو گۆچانەی هەر لە بیرمابوو. ئەوەی بۆ چ نەیدەتوانی گۆچانێک ڕاست لەو وێنەیە ساز کات، لە لا ڕوون نەبوو. هەموو بەیانییان – کە لە خەو هەڵدەستا – بەم هیوایە دەچووە کارگەی کە ئاخری دەتوانێ بارستایی ئەم خەمەی لەسەر دڵی کەڵەکە بووە لابەرێت. ئەو گۆچانانەی سازی کردبوون زۆربەیانی دەفرۆشت و ئەوانەی وا پێی وابوو لەو وێنە زەینییەی خۆی نزیکن، بەدیواری کارگەکەیەوە هەڵدەواسی؛ بەڵام دەیزانی هیچ کامیان ئۆخژنی ناخەنە دڵەوە.

هەتا ئەو شەوەی لە خەو ڕاچەنیبوو و هەستێکی سەیری لە دەروونی خۆیدا کەشف کردبوو. چاوێکی لە خێزانی بڕیبوو کە پشتی لەو کردبوو و پرخەی دەهات. چووبوو بۆ کارگەی و دەستی دابووە دار گوێزێک و ڕەندەی بەسەردا هێنابوو. بە ئەسکەنە چاڵی و بەرزی سەری مارەکەی لەسەر قەفی گۆچانەکە بەرجەستە کردبۆوە. هەستێکی شیرین، تنۆک تنۆک بەسەریدا پژابوو. تاووبان گەرم داهاتبوو کە خێزانی خەواڵوو سەری بەکارگەکەیدا کردبوو. بەرەو پیری چووبوو و باسی ئەو هەستە تازەیەی لە سازکردنی ئەم گۆچانە لە دڵیدا ڕوابوو پێی ڕاگەیاندبوو. خێزانی باوێشکێکی هاتبوویە و

گوتبووی: نان و چای بەیانی سازە و بێتو پێی خۆش بێ سفرەی بۆ دێنێتە ئێرە و ئەو پێی خۆش بوو. پاڵی بەدیوارەوە دابوو و پڕ بەچاوی لە گۆچانەکەی ڕوانیبوو.

ئەو ڕۆژەی هاتبۆوە یاد وا لەگەڵ دایکی لەبەر دووکانی بەزازێک ڕاوەستابوون. چاوی بەپیاوێکی پیر کەوتبوو. ڕوانیبوویە گۆچانی دەستی و بیرەوەرییەکی ڕابردووی هاتبۆوە یاد. هەستی کردبوو ئەو گۆچانەی جارێکی دیکەش دیوە. گڕووی لە دایکی گرتبوو گۆچانەکەی بۆ لە پیرەپیاو وەرگرێ؛ بەڵام دایکی گوێی نەدابوویە و بەتاسەوە ڕوانیبوویە گوڵی ئەو کراسانەی لە پشت شووشەی دووکانی بەزازێک ڕیز کرابوون. وەختایەک دایکی بەزۆری بەدوای خۆیدا بردبوویە ژوورێ، چاوی بەچاوە حیزەکانی بەزاز کەوتبوو. دایکی پڕ بەهەست دەستی بەتۆپە پارچەکاندا هێنابوو و بەدەم کابراوە تریقابۆوە. دڵی پڕبوو لە گریانێکی خەماوی. پێی خۆش بوو دایکی بەپەلە دەستی بگرێ و وەدووی گۆچانی پیرەپیاو بکەون و نەکەوتبوون. ئێستاش کە ویستبووی بەخێزانی بڵێ ئاخری توانیویەتی گۆچانێک سازکات - کە لەگەڵ هی پیرەپیاو موو لێ نەدات - هەمان هەستی تاڵ لە خۆیەوە پێچابوو. هەر بۆیە بڕیاری دا سبەی هەواڵەکانی بۆ نەهار بانگ کات و مەسەلەکەیان لە لا باس بکات.

خێزانی دایم لە حاند بۆچوونەکانی ئەو بێدەنگ دەبوو، سەری بەردەداوە و بێ مەبەست قامکی لە گوڵی فەڕشەکەوە وەردەدا یان بە شتێکی دیکەوە خەریک دەبوو. ئاگادار بوو کەی ئیسکانەکەی خاڵی دەبێ، هەتا سەر لە نوێ بۆی پڕکاتەوە. دوایەش دیسان بێدەنگی.

هەر بۆیەش هانای بردە بەر هەواڵەکانی؛ بەڵام زۆر زوو بۆی دەرکەوت ریسەکەی بۆتەوە خوری و کارەکان بەو جۆرەی پێی خۆشە بەئاکام ناگەن. پێی وابوو لە خۆڕا هەست دەکا کارێکی سەیر و سەمەرە و گەورەی



کردووە، دەنا چۆن دەبوو هیچکام لە هەواڵەکانی بەگەورەیی کاری ئەو نەزانن. کەوتبووە تەنگژەیەکی فیکرییەوە و بەرە بەرە بایەخی کارەکەی خۆی لە بەرچاو دەکەوت. هەواڵەکانی پاش نەهار چووبوونە کارگەی نەجارییەکەی و چاویان لە کارەکانی ئەو کردبوو. هەموو بەو تەختە نەردانەی بۆ فرۆش سازی کردبوون خلافابوون و ئاخیان بۆوە هەڵکێشابوو کە تاسیان لەگەڵ نییە. ئەو سەرنجی هەواڵەکانی بەرەو ئەو گۆچانانەی بەدیواردا هەڵی واسیبوون، ڕاکێشابوو. هەواڵەکانی تەختە نەردەکانیان وەلانابوو. دیتبوویان هەر چوار بەری دیواری کارگەکەی گۆچانی پێوە هەڵواسراوە. ئەو ئاخر گۆچانەی لە دار گوێز سازی کردبوو، دوو بست لە سەرووی هەموویانەوە لەسەر تەنیشت ڕاکێشابوو. لە چاو ئەوانی دی لە چاوی دەدا. گوتبووی: کامیان لە هەموویان جیاوازترە؟ زانیبووی نەیتوانیوە ئەوەی لە دڵیدایە بدرکێنێ. هەواڵەکانی هەر یەکەی دەورێک بەدەوری خۆیاندا خولابوون و بەچاو گۆچانەکانیان هەڵسەنگاندبوو. نیگایان لەسەر گۆچانێک مەیی بوو. ئەو بەترسەوە سەر لە نوێ گوتبووی: پەلە مەکەن و باش لێیان خورد بینەوە. ئەوانیش خولێکی دیکەیان دابوو؛ هەمیسان نیگایان لەسەر هەمان گۆچانی پێشوو جەڵغەی بەستبوو. گۆچانەکەیان هێنابووە خوارێ و گوتبوویان: ئەمە لە هەموویان جیاوازترە.

ئارەقەیەکی سارد نیشتبووە سەر تەوێڵی. ئەو گۆچانەی هەواڵەکانی هەڵیان بژاردبوو،ساڵەها لەوە پێش ئەو وەختەی ژنی نەهێنابوو ساز کردبوو. بەبڕوای خۆی گۆچانێکی ساکار بوو کەتەنیا قەفەکەی دروشمێکی تایبەتی هەبوو. قەفەکەی بەشێوەی سیرەتی پیاوێک ساز کردبوو. دەهاتەوە یادی ئەو گۆچانەی پاش چاردە یان پازدە ساڵان - ئەو وەختەی ئاڵ و گۆڕێکی سەیر لە ئەندامەکانی لەشیدا بەدی هاتبوون - ساز کردبوو. ناهومێدانە بەهەواڵەکانی گوتبوو: چاوێک لەو گۆچانە گوێزەی سەرەوە بکەن.

چاویان لێ کردبوو. تەنانەت هێنابوویانە خوارێ. گوتبوویان: جوانە، بەڵام ئەوەیان شتێکی دیکەیە.

خێزانی دەورێکی چا بۆ هێنابوون و پاشان هەواڵەکانی ڕۆیشتبوون.

تاک و تەنیا لە نێوەڕاستی کارگەکەیدا قورسایی لەشی دابووە سەر قەفی گۆچانەکەی و ساردوسڕ لە خاڵێکی نادیاری ڕوانیبوو. دەستی دابووە گۆچانەکەی و بەبێ وازییەوە لە ماڵ هاتبووە دەرێ؛ بەم هیوایە لە نێو بازاڕ چاوی بە ژنێک بکەوێ کە لەبەر دەرکەی دووکانێکی بەزازی ڕاوەستاوە و منداڵێکی بەدەستەوەیە.

١٣٨١/٦/٢٠

بۆکان

# گیرفانێک پرتەقاڵی خوونی

بێتو ڕۆژێک لە خۆمم بوێ زوو لە خەو هەستم، دەست دەکەم بەگۆرانی گوتن و لە بەسەرهاتێکی تێکە و لێکە دەدوێم، سەر هەڵدێنم و یەک بەخۆم پێدەکەنم و پێت دەڵێم: خۆت شێت مەکە، کەس تا ئێستێ نەیتوانیوە بەجەمێک ٢٨ هێلکە بخوا، ئەویش وەختایەک تەواوی دراوسێکان دیویانە بەپێوخاسی هەڵاتوومە دەرێ و نەڕاندوومە. بێتو خانووەکەم بۆ چۆڵ نەکەن، دەچم بۆ شارەبانی و لە ڕێدا تووشی هەواڵێکی منداڵی خۆم هاتووم و وەبیرم هاتۆتەوە خێزانم کوتوویەتی: بێتو چا نەکڕی بەشی ئەم حەوتەیەمان ناکات. جا هەر بۆیەش لە ڕێوە دەستمان کردووە بەهەڵپچڕینی نۆشابەکان و ئێمە دەمانزانی سبەی پێنج شەممەیە و دەبێ دیسان گوێ بۆ کەرەکەی ڕەییسی ئیدارەکەمان ڕادێرین؛ قەولی شەڕەفی داوە هەتا سەری مانگم مۆڵەت بدا و منیش ئەو وەخت بەیەکجاری قەرزەکانم پاکەم. هەر بۆیەش لە خۆڕانییە کە پێم وابێ بێتو حەول بدەم دەتوانم شەوانە دوو نان بە پەنیرەوە بخۆم و کەسیش نەتوانێ بڵێ بۆ



کەوشەکانت لینگاولینگ لە پێ کردووە و من لە ڕێوە دەست بکەم بەگیرفانمدا و بزانم ٢٥ تمەنیەکەی تێدا نەماوە و بەقامک کونی گیرفانم لەبەر یەک ڕەواندبێتەوە، سەرم هەڵکڕاندبێ و کوتبێتم: ماشەڵڵا ئەو ساڵ عەجەب بارانێک باری و ئەو سەر هەڵبێنێ و بەبێ وازییەوە بڵێ:( بێتو درەنگ بخەوی من ناتوانم خۆم بکوژم) و دیار بوو چەقۆکەم لە گیرفانەکەی دیکەم دایە و تازە خەریک بوو دەمزانی برسیمە و ئەو پرتەقاڵانەی کڕیومن خوونین و بەپەلە چوارم لێ ئایەغ کردوون و کوتوویەتی: بێتو نەخۆی دڵم لێت دێشێ و من دەستم کردووە بەبژاردنی پووڵەکان و زانیومە دووسەت تمەنی کەمە. بەپەلە هاتوومە دەرێ و خۆم بەگوڵ فرۆشییەکدا کردووە و فریا نەکەوتووم قومێکی دیکە لە نۆشابەکەم بدەم و کوتوویەتی: دوو دەقە درەنگتر چووبای خۆت دەکوشت و کەس نەیدەزانی ئەو شێت و شوورە بەو گەرمای نیوەڕۆیە ئەو هەڵڵا و هەنگامەیە چییە سازی کردووە و بۆ من ناتوانم دەست بە پووڵەوە بگرم؛ دەنا چۆن پیاوێکی وەک من پاش سێ سەعات فلتەفلتی ڕەییسەکەی تەنیا دەڵێ: ئەم قۆڕیاتەت لە لای نەنکت کاوێژ کردبا باشتر بوو جەنابی ڕەییس. هەر بۆیەش سوێندم خواردووە بێتو بتوانم دوو دەقەی دیکە بگەمە لای و لەو کارەی بگێڕمەوە. هەوەڵ کارێکی دەیکەم ئەوەیە دوو نۆشابەی ڕەش یان شایەدیش یەکی ڕەش و یەکی زەرد لەسەر یەک و قوم بەقوم بخۆمەوە و چ دەخلێکی بەکەسیشەوە نییە من بەیانییان درەنگ لە خەو هەڵدەستم و لە نێو جێدا بیر لە کونی گیرفانم دەکەمەوە و ئەو ٢٥ تمەنەی تێیدا نەماوە.

١٣٨٢/٢/١٠

## چا ... چایەکی گەرم

کێ دەیکوت وەختایەک من – تاقانە کوڕی دایکم – بەماندوویی خۆ بەژووریدا دەکەم و دەڵێم: دا دایە چایەکم بۆ بێنە ئەو ئاوام جواب دەداتەوە و دوایەش کە هەر باسی ناکرێ و تەنانەت لە زەینی هیچ کەسێکی ڕەشبینیشدا ناگونجێ و هەر وەک بۆ ڕەبییس دادگاشم گێڕاوە، شایەد بەهۆی زایەبوونی عەقڵ لەو چرکەساتە... یان... یان چی؟ یانی شتەکە وابوو کە تەنانەت ڕەبییس دادگاش دوودڵ نەبێ لەوەی شێت بووم و لەوانەیە لە داهاتووشدا دووپاتی کەمەوە و ئاوا بەسانایی حوکم بۆ ببڕێتەوە؟ من ئەلعان دەیلێم و لە قیامەتیش قسەم ناگۆڕدرێ کە بە زمانێکی ڕەوان و ئاسایی وەختایەک یەکجار ماندوو بووم، خۆم بەژووریدا کردووە و بەدایکمم کوتووە: دایە چایەکم بۆ بێنە. ئاخر هەتا ئەو وەخت قەت شتێکی وا نەهاتبووە گۆڕێ؛ هەتا من بزانم دەبێ چۆنی لەگەڵ ڕووبەڕوو ببمەوە. هەموو کەس دەزانێ من دایکمم یەکجار خۆش ویستووە و ڕەبییس دادگاش هەتا ئێرە لەگەڵمدا بوو. بەڵام وەختایەک دەمگوت:



«لەوانەیە دایکم هۆشی لەسەر خۆی نەمابێ یان لەگەڵ کەسێک دەمەقڕەی بووبێ» دەنا چۆن لە جیات چا لیوانێکی ئاو بۆ هێناوم و دوایەش کە دووپاتم کردۆتەوە: «دایە چایەکم بۆ بێنە» چووە لیوانێکی دۆ بۆ هێناوم و پاش ئەوەی بەشێنەیی بەدایکمم کوتووە: «من دۆ ناخۆم، چایەکم بۆ بێنە» هەر پێم وابووە دایکم گاڵتەم پێ دەکا. کەچی وەختایەک هاتۆتەوە قاپێک «ماست»ی بەدەستەوە بووە و من بەحاڵ بۆ وەی دایکم دڵمەند نەبێ دەنگم هەڵێناوە و کوتوومە: «دایە گیان! چا دەخۆم چا...». ئەویش چووە جامێکی ماستاو بۆ هێناوم و من کە یەکجار ماندوو بووم و تاسەی چایەکی گەرم جار لەگەڵ جار پتر جاڕزی کردووم، هێندێک ددانم لێک سووە و کوتوومە: «چاا!» و دیومە دایکم ڕەنگی هەڵبزرکاوە و بەپەلە چووە تاوەیەکی پڕ لە «هەڵوا»ی هێناوە و لە پێشمی داناوە و من دەستم لەرزیوە و دەنگم گڕبووە و دەستم کردووە بەسمێڵ کرۆشتنی خۆم؛ بەشێوەیەک کە دەنگم ئاوێتەیەک بووە لە ڕق و نەفرەت و خۆشەویستی و پاڕاوەمەتەوە: «چا... چایەکی گەرم». کەچی وەختایەک گەڕاوەتەوە چەقۆیەکی دەسکاری بۆ هێناوم و من – کە شایەد لەو وەختەدا چاوم بۆتە گۆمی خوێن – سەرشێتانە دەسکی چەقۆکەم لە دەستمدا کوشیوە و لەسەر دڵیم کوتاوە و نەڕاندوومە: «چا... چا... چایەکی گەرم» و دایکم لە باوەشمدا تواوەتەوە. هەستم کردووە چاوی پڕبووە لە خۆشەویستی و لە حاڵێکدا خوێن بەزاریدا هاتۆتە دەرێ، بەلاچاومدا نووساوە تینی خوێنەکەی هەڵمی چایەکی گەرمی وەبیر هێناومەوە. تەواوی ئەمانەم زۆر بەشێنەیی و لەسەرەخۆ بەبێ ئەوەی شتێکم بواردبێ بۆ ڕەبییس دادگا گێڕاوەتەوە؛ بەڵام سەیر ئەوە بوو کە وەختایەک گوتی: «تۆ تاوانباری و ئاخر قسەت لە بێگوناهی خۆتدا چییە و ئاخر ئاواتت چییە» من تەنیا گوتم: «چا... چایەکی گەرمم دەوێ» ڕەبییس دادگاش هەر جارێکی کە دووپاتم دەکردەوە پێی وابوو مەبەستم بێگوناهی یان چەقۆ و شتی دیکەیە، هەر بۆیەش تووڕە بوو و حوکمی دا

پاش چوار ڕۆژی دیکە لە دارم دەن. ئەمڕۆ دووهەم ڕۆژە و من لە ئارەزووی چایەکی گەرمدا تەواوی سللولەکانی لەشم دەناڵێنن. ئەوە شایەد سەدەمین یان هەزارەمین جارە دەرکەی زیندان دەکوتم و داوای چا دەکەم کەچی هەر جارەی شتێکم بۆ دێنن. هەتا ئاخر جار کە پێیان وایە مەبەستم دارە و دووکەس دێن و بن باڵم دەگرن و پەتی سێدارەم لە مل دەکەن و دوایەش بەتاسەی خواردنی چا – چایەکی گەرم، گەرم وەک هەڵاوی خوێنی دایکم – دەست دەکەم بەلاقەفرتێ.

# هوبووت

هەر چەند سوێندم دەخوارد، بەقەستی کوشت، لێم داوە کەڵکی نەبوو. ئەو هەر جارەی لە زمان بابی ڕا قیلە شەرعییەکی بۆ دێنامەوە. هەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێم؛ من شۆفیرم و شارەوشار بەموسافیر دەکەم. شەوێکیان لە گەڕانەوەمدا تووشی نێرە کەروێشکێکی عەجایب هاتم و بەماشێنەوە و بەقەستی کوشت کەوتمە سەری ئاخریەکەشی وەبەرم دا. ئەو دەیکوت: «تەنیا وەبەردانێکی لە ناکاو بووە؛ دەنا دەبوو سەرت بڕیبا».

لە وەڵامیدا کوتبووم: «چەقۆم پێ نەبووە» و ئەو کوتبووی: «لانی کەم دەبوو شیشێکت بە نیەتی چەقۆ لە ملی کوتابا» و من تێم نەکوتابوو. هەر بۆیەش بەتەلەیفوون مەسەلەکەی بە بابی ڕاگەیاندبوو و ئەویش کوتبووی: مندار بۆتەوە و گۆشتەکەی حەرامە. من بەخۆم دەمزانی چ چەرمەسەرییەکم پێوە دیوە، هەر بۆیەش نەمدەتوانی بەم قسانە دەست لە گۆشتەکەی هەڵگرم. بەبێ ئەوەی شلوێ بووبێتم دەستم کردبوو بەکەوڵ کردنی و لە گوڵماتە ڕانەکانی چوار سیخم برژاندبوو. ئەویش هەر بەو شەوە



بەروبوخچەی پێچابۆوە و ڕۆیشتبۆوە بۆ ماڵی بابی. هەر چەند من ئێستاش هەر پێم وایە دەیتوانی شتەکە وای لێ نەیەت و بەشێوەیەکی باشتر کۆتایی پێ بێ.

## ئاغای Y
## بیر لەم حەیس و بەیسانە ناکاتەوە

یەک... دوو... سێ... چوار... پێنج... شەش... حەوت... ها... ها... هاتسی و ئەوەش هەشت.

بەڵێ ئەمە ژمارەی پشمینی ئاغای "Y"ە لە یەک ڕۆژدا. هەڵبەت ئەوەی کە چۆناوچۆن بوو ئەم پشمینە ئەویش هەشت جار لەسەر یەک ئاوقای ئاغای Y بوو گرینگە. گرینگ لەم بارەوە ئەوەیە کە بەپێی لێکدانەوەیەکی هاکەزایی لە ساڵدا ٢٩٢٠ جار دەپشمێ و ئەم ژمارەیە لە ساڵێکدا کە کەبیسە بێت دەگاتە ٢٩٢٨ جار. بێتو مەودای ئەم پشمینانە ٤ دەقە بێت لە ساڵدا ئاغای Y ١٤٦٠ دەقە خەریکی پشمینە؛ یانی کەمتاکورت ڕۆژێک لە ساڵدا بەپشمینەوە دەبێ. بێتو دیسان چۆرتکەی لێ وەکار خەین بۆمان دەردەکەوێ ئاغای Y – کە لەوانەیە ٨٠ ساڵ عومر بکا و ئەو لە ٢٠ ساڵانەوە ئەم پشمینەی پێوە نووسابێ هەتا ئەو ڕۆژەی



دەمرێ دوومانگ لە عومری بەپشمینەوە دەبێ؛ بەڵام باشی کار لەوەدایە ئاغای Y بیر لەم حەیس و بەیسانە ناکاتەوە و ئێستاش کە ٧٩ ساڵ و (١٠) مانگ لە تەمەنی تێپەڕیوە لە خەو هەستاوە، هاتۆتە سەر پلیکانەکان و دەستی کردووە بەپشمین.

یەک... دوو... سێ... چوار... پێنج... شەش... حەوت... لەوانەیە هەتا قیامەت کەس نەزانێ ئاغای Y فریای پشمینی هەشتەم نەکەوتووە و لەسەر پلیکانەکان بەلادا هاتووە.

# پشکووتن

ویستبووی بڵێ:...

بەڵام قسەکەی جاویبۆوە و کوتبووی: دەیجا چییە.

- ئاخر...

نەیهێشتبوو قسەکەی تەواو کات و ڕاپێچەکی دابووە خوارێ. وەک بڵێسەی ئاگر تێک ئاڵابوون و قوم و قوم یەکتریان هەڵچۆڕاندبوو. بیریان لەوە نەکردبۆوە دنیا بۆتە لانکەیەکی سەرگەردان و ترس لە دڵیاندا تەقیبۆوە. سەریان هەڵبڕیبوو و چاویان بەمردووەکان کەوتبوو کە سەریان بەسەر قەبرەکەی ئەواندا گرتبوو و ددانیان لە ریچەوە دەبرد.

## کەس لە ماڵ نییە

بەگوێی خۆم بیستم بەکابرای گوت: نا ، کەسمان لە ماڵ نییە.

درگایان پێوەدا و بەبێ ئەوەی حەمیەتێکم دەنێ، هاتنە هاڵەکەوە. کابرا شێتانە بەخۆیەوە دەکوشی و ڕایدەمووسی. هاڵەکە پڕببوو لە هەناسە بڕکێ و هیچیان گوێیان نەدەدا من. ئەویش بەتاسەوە باسکی لە نێوقەدی کابرا هاڵاندبوو. وەبیرم نەدەهاتەوە قەتی ئاوا من لە ئامێزیدا ڕێک کوشیبێ. بۆ چرکەیەک نیگای لەسەر من لەنگەری گرت و بەبێ وازییەوە سەری وەرسووڕاند. چاوی بەفرمێسکەکانم نەکەوت کە تنۆک تنۆک بەدیوارەکەدا دەخوشینە خوارێ.

١٣٨٠/١٢/٣

بۆکان

# فەرامۆشی

لە بن سێبەری دارێک دانیشتبووم و خەریک بووم ئاخر لاپەڕەی چیرۆکەکەم دەنووسی. بایەکی بەقەوەت هەڵی کرد و لاپەڕەکانی لە دەست رفاندم. بەدەم هەڵاتنەوە چاوم لێ بوو با دەستی کردووە بەخوێندنەوەی چیرۆکەکەم و ئارام ئارام لە چاوان ون بوو. لە پاش ئەو رۆژەوە دایم لە دەوری ماڵی ئێمە گڤەگڤیەتی و دەپاڕێتەوە ئاخر لاپەڕەی چیرۆکەکەمی بدەمێ؛ بەڵام من کۆتایی چیرۆکەکەم لە بیر چۆتەوە و نازانم چی بۆ بنووسم.

۱۳۸۰/۱۲/۵

بۆکان

# خولیا

چاوەڕوانی تەواوی ئەو ساڵانەت دێتەوە یاد، وا بەهیوا بووی کەسێک جێژنانەت داتێ. ئێستاش هەروا بەردەوام سەری هەموو جێژنێک پێت وایە ئاخری ڕۆژێک کەسێک دێ و...... دەڵێ: ئەوەش جێژنانەکەت. بەستەیەکی گەورە کە بەخەتێکی خۆش لێی نووسراوە: بۆ ئەو پیاوەی ٨٩ ساڵە چاوەڕوانە کەسێک جێژنانەی داتێ.

سەرت هەڵێنا و ڕوخساری عیزرائیلت ناسییەوە.

## مەرگی ئاخر قومارباز

خۆی بەژووریدا کردبوو و کوتبووی: ئەنگوستەکانی و ئەوە لە حاڵێکدا بوو بەرامبەر بەهاواڵەکەم دانیشتبووم و تەختەمان دەکرد. زۆرم پێ خۆش بوو یەک و شەشێکم بۆ بێ و شەشدەری کەم. سەر لەنوێ خۆی بەژووریدا کردبۆوە و کوتبووی: دەستەکانی و من دوو تەکم خستبوو. لەوە دەترسام بمکوژێ و وەک دەستەکانی دیکە بدۆڕێم.

هاتبۆوە ژووریّ و کوتبووی: لاقەکانی و من توانیبووم سەری دانەیەک لە تەکەکان داپۆشم و بەم حاڵەش هەر دەترسام. بەهەناسەبڕکێ هاتبۆوە ژووریّ و کوتبووی: چاوەکانی، کوێیەکانی و من کوژرام و تەنیا یەک دەر خاڵی بوو بۆ نیشتنەوەم. هاتبۆوە ژووریّ و گوتبووی: [...] و من هەر چەند هەڵم دەخست بۆم نەدەهات و هەناسەم سوار ببوو و دڵم وێک هاتبۆوە. بۆ ئاخر جار هاتبۆوە ژووریّ و بە ورتە شتێکی لە نێوان لێوەوە کوتبوو و من ئەوە چوارەمین دەست بوو دەمدۆڕاند.

بەدەم سمێڵ کرۆشتنەوە لەگەڵ هەواڵەکەم هاتینە دەرێ. کاسە سەرم هازە



هازی لێوە دەهات. بابم لەبەر دەرکەی هاڵەکە - کە بەسەر حەوشەدا دەکرایەوە – دەستە و ئەژنۆ ڕۆنیشتبوو و دەگریا. بەقامکی شادەی ئاماژەی بۆ عوسمان دەکرد. هەواڵەکەم بزەی هاتێ و من دیتم دایکم چوار پارچەی لەشی لەبەر یەک هەڵوەشابۆوە و با بەحەوادا بڵاوی کردبۆوە.

# ئاکواریۆم

بۆ یەکەم ترپەکانی دڵی «کانی»

چاو لە سەفحەی مۆنیتۆڕەکە دەبڕێ. وێنەیەکی ئاڵۆز و پڵۆز دەست دەکا بە شنینەوە. دەنگی بڵینگۆکە زیاد دەکات. گوێی پڕدەبێ لە کوتەکوت و هەست بەماسییەکی بچووک لە نێو ئاکواریۆمێکی تاریکدا دەکات و دەبینێ ژنەکە پڕ بەڕوخساری بزەی دێتێ.

# تابلۆیەکی قەدیمی

شایەد ئەوە سێسەدەمین جارە دێتە ئێرە. ئەویش لە بن پۆلە گڕاڵکەکانەوە چاوی لێیەتی ئازاری ئەندامی ئاوی لێ دەتکێ و بەترسەوە چاو بەم لاولادا دەگێڕێ. دەگاتە سەر لیمی قەراغ ئاوەکە و هێلّێکی تەڕ لە پاش خۆی بەجێ دێلّێ. وەردەسووڕێ و دەستە بچووکەکانی بەپەلە قوولّکێک دەدەنەوە. قوونی تێ دەخزێنێ و خوڕەی ئاو هێمنایەتی پێ دەبەخشێ.

بەپەلە قوولّکەکە پڕدەکاتەوە و دەڕوات. ئەویش لە پشت پۆلە گڕاڵکەکەوە دێتە دەرێ. ڕوو لە قوولّکەکە دەکا و کەس نازانێ ئەم تابلۆیە سێسەد ساڵە دووپات دەبێتەوە.

## درۆیەک بۆ  چوارشەممۆی داهاتوو

ڕاستە هەم بابم و هەمیش دایکم سەد جاریان بەگوێدا چپاندووم، درۆزن دوژمنی خوایە؛ بەڵام هیچ کام لەم قسانە نەبوونە هۆی ئەوە خۆم لەم دوژمنییە بپارێزم. دڵنیام بێتو بەشێنەیی بنج و بناوانی ئەم مەسەلەیە شی کەمەوە، حەقم دەدەنێ کە بۆ چ ئەو دەمەی دەبوو ڕاست بڕۆم، درۆم کردووە. ئاخر من لەو کەسانەم قەتم پێ خۆش نەبووە وەختایەک لە مەدرەسەڕا دەچمەوە ماڵێ دوو سەعات دانیشم خەریکی دەرس نووسینەوە بم؛ هەر بۆیەش مەجبوور بووم درۆ بکەم و کەس نەزانێ. بۆ خۆم دەزانم قەت ڕازی بەم درۆیانە نەبووم؛ بەڵام وەک ڕۆژ عەیانە و حەوجەی بەکوتن ناوێ کە جووڵانەوەی شووڵی موعەللیمەکەم هانم دەدا باشترین و بێ عەیبترین درۆی دنیا بدۆزمەوە. قەت نەبووە من درۆیەک بکەم و بڕوام پێ نەکەن. گەڵاڵەی یەکەم درۆم لە پاش نیوەڕۆیەکی چوارشەممۆدا داڕشت کە بەیانییەکەی هەتا نیوەڕۆ لەگەڵ برا چکۆلەکەم کایەم کردبوو. براکەم وەک تۆپەڵێک لۆکە  نەرم و خڕپنە و هەر کەس بیبینێ وەک من پێی خۆشە هەتا



نیوەڕۆ کایەی لەگەڵ بکا و لە بیری بچێتەوە دەرسەکانی بنووسێ. من کایە لەگەڵ برا چکۆلەکەم لە دەرس نووسینەوە پێ خۆشترە؛ هەر بۆیەش وەختایەک موعەلیمەکەم لێی پرسیم: بۆ دەرست نەنووسیوە؟ کوت و پڕ ئەو بیرە شەیتانییە بەمێشکمدا تێپەڕی و گوتم: لەبەر ئەوەی برا چکۆلەکەم مردبوو. ئەویش بڕوای پێ کردم. سەرەڕای ئەوەی دەمزانی درۆم کردووە؛ بەڵام بەهیچ کلۆجێ ژێر نەدەبوومەوە. ئێوارێ وەختایەک ڕۆیشتمەوە و چاوم بەڕوومەتە شەقارەکانی دایکم کەوت، بۆم مەعلووم بوو برا چکۆلەکەم - کە وەک تۆپەڵێک لۆکە نەرم و خڕپن بووە - سەماوەری کوڵاتووی بەسەردا ڕژاوە و مردووە. ئەمڕۆش کە باش لێم ڕوون نییە چ ڕۆژێکە لەگەڵ دایکم هاتووین بۆ سەر قەبران. بەکوڵ لەسەر گۆڕی برا چکۆلەکەم و بابم کە تەنیا حەوتوویەکیان مەودا بوو دەگرین، دایکم بەتاسەوە باوەشی پێدا کردووم و نازانێ هەر لەم ڕۆوە کە نازانم چ ڕۆژێکە لە بیری درۆی چوارشەممۆی داهاتوو دام؛ درۆیەک کە کەس نەتوانێ دوودڵ بێ لە ڕاست بوونی...

## ئەو وەختانەی شەترەنج دەکەم

بێ ئەم لاو ئەولا خۆشترین کاتی ژیانمە. بێتو بتانزانیبا چەندەم خۆش دەوێ، دەهاتنە سەر ئەم ڕایە شەترەنج عەجەب کایەیەکە و ئێمە نەمانزانیوە. خێزانیشم لە پێشدا هەر پێی وابوو کایەیەکی قۆڕە و دەیکوت: بۆ دەبێ هەر مۆرەیەک بەجۆرێک بڕوا و لە ئاخریشدا کیش و مات بی و حەقت نەبێ پەل ببزێوی؟

من زۆر بەشێنەیی بۆم شی دەکردەوە کە ئەمە بەشێکە لە قاعیدەی شەترەنج و دەبێ قەبووڵی کەین؛ کەچی ئەو هەر لە هەوای خۆی لێی دەدا و منیش بێدەنگیم لێ هینا. هەتا ئەو نیوەشەوەی - کە پێم وایە لە چوارەمین مانگی ژینی هاوبەشماندا بوو - کە لە خەوی هەستاندم و پەلپی لێ گرتم دەبی فێری شەترەنجی بکەم و منیش بەوپەڕی لە خۆ بردووییەوە فێرم کرد.

دەبوو پێشتر بمکوتبا من پیاوێکی ٢٨ ساڵانم و ٨ مانگە ژنم هێناوە. کچە نێونجی خالّمە و ١٠ ڕۆژی دیکە دەبێتە ١٦ ساڵ. شایەد بڵێن لێک



ناوەشێنەوە و مەودای تەمەنتان زۆرە، بەڵام پێم وانییە وابێ. شایەد من هێندێک بەتەمەنتر بم، بەڵام وانییە لە چاو بدات. تەنانەت وەختایەک لەگەڵ خێزانم دەچین بۆ بازاڕ، دایکم دەڵێ: «لە سەرو گەڕێم چەند لێک دەکالێینەوە».

ئەوەش بەجێی خۆی من بەگوێی خۆم لە خێزانم بیستووە پێی کوتم: «من لە پەنا تۆدا هەست بەبەختەوەری دەکەم» و دیسانیش ڕەنگبێ هێندێک پێیان وابێ بەزەبری پووڵ دڵی نەرم بووە، بەڵام شتی واش لە گۆڕێدا نەبووە و من پاش ئەوەی لە دانشگا و سەربازی تەواو بووم، بۆم دەرکەوت پیاوێکی ڕەبەنم کە دەستم بەهیچ کوێیەک ڕاناگا. دوو ساڵ بوو بەدوای کاردا دەگەڕام و لەم ماوەیەدا سێ جارم نارده سەر خێزانم و خالّم؛ یان شایەدیش خالۆژنم. هەر جارەی بیانوویەکیان لێ دەگرتم. هەتا بەبۆنەی ئاشنایەک لە کارخانەیەکی کارتۆن سازی دامەزرام. کارێکی گران نەبوو؛ دەبوو ڕۆژی ١٠٠٠ کارتۆن مۆرکەم و ئێوارێ بڕۆمەوە ماڵێ. ئێستا ساڵێک و ٨ مانگە لەو کارخانەیە کاردەکەم و سەری برج، مووچەی مانگانەم دەخەمە دەستی خێزانمەوە و ئەویش ڕەزامەند خۆ بەملمەوە هەڵدەواسێ و لە هاڵاوی خۆشەویستیدا دەمتوێنێتەوە. سەفحەی شەترەنج ڕادەخەین و دەست دەکەین بەشەترەنج کردن، بێ ئەوەی لە بیرم مابێ دەبێ سبەی ١٠٠٠ کارتۆن مۆرکەم و ئەم کارەم دەبێ هەتا سی ساڵی دیکە درێژەی هەبێ. بەڵام بێ گومان خۆشترین کاتی ژیانمە ئەو وەختانەی بەرامبەر بەخێزانم دانیشتووم و شەترەنج دەکەم.

# ململانەیەکی فەلسەفی

دەڵێ: «بێتو ئەمجارە دایرێژم دەبێ وەهای ...». بەڵام ئێستا چوارچێوەی ئەم رستەیە بەپوختی لە زەینیدا نەمەیی کە بزەی تەوساوی ئەو چاوی داغ کرد. هەر بۆیەش نەڕاندی: ( من ئەو پیاوە نیم بەبزەیەک لە خشتە بچم. بۆی مەعلووم بوو بەنەڕەنەڕ شلوێ نابێ و دەبێ بەکردەوە بیسەلمێنێ و ئاوای داڕشت:

قاقای سەرلەنوێی ئەو لە گوێیدا تەقییەوە و بەپەلە شتێکی پێوە زیاد کرد:

کەچی پێکەنین پسانەوەی نەبوو. ئەو هەستە تاڵەی ساڵەها بوو بەسەریدا باراندبوو کە بەڵێ ئەو ناتوانێ شتێکی وا داڕێژێ کە لانی کەم بۆ چرکەیەک (ئەو) قایل کات و ئەو پێکەنینە تەوساوییەی بتارێنێ، بەرە بەرە وەڕاست دەگەڕا؛ هەر بۆیەش بەپەلە قەڵەمێکی بە سەر تەواوەتی ئەو شتانەی هەتا ئێستا دایڕشتبوون داهێنا و ئاوای کێشایەوە:



لەگەڵ ئەوەی دەستی لەسەر لاپەڕەکەی بەردەستی لابرد هەستی کرد پێکەنینی ئەو لە کەمی داوە. پێی وابوو دەتوانێ هەنگاوێکی دیکەش بنێ. هەر بۆیە دەستی بردەوە بۆ قەڵەمەکەی:

وەختێک سەری هەڵێنا ، چاوی بەو کەوت کە پێکەنینەکەی مەفع بۆتەوە و دەستی کردووە بەگریان، گریانێکی ئەبەدی: ...

١٣٨١ /١٢/٢٤

داره گردەڵە

# تەقریبەن پیاوێکی ئاوا

بۆ تەنیاییبیەکانی «دایکم» و «سمایل»ی برام

بێتو ڕاستتان بوێ، منیش نازانم و پێشم خۆش نییە بزانم. من هەر ئەوەندە دەزانم، ئەم بیرە لە شەوێکدا کە لاقی بەدیوارەوە هەڵپەسێرابوو و جگەرەی دەکێشا بەمێشکدا هات. هەستی کردبوو دیسانیش دەتوانێ تەجرەبەیەکی تازە بەتاقی کاتەوە. ئەو پیاوێکی ڕەقەڵە و بەلەباریک بوو کە جگەرە کێشانی یەکجار پێخۆش بوو؛ هەر بۆیەش نابێ کەس پێی وابێ کوتوپڕ جگەرەکەی کوژاندۆتەوە و ئەو جار دەستی کردووە بەتاقی کردنەوەی ئەو بیرەی وا بە مێشکیدا هاتووە؛ بەڵکو هاوکات لەگەڵ ئەوەی دووکەڵی بەرەو سییەکانی بەڕێ دەکرد، بیری لەوەش دەکردەوە کە عەجەب کەشفێکی تازەی کردووە و بۆوەی خۆشحاڵی خۆی دەرببڕێ بە دووکەڵی سیغارەکەی دایرەی چکۆلەی ساز دەکرد و کەیفی بەم کارەی خۆی دەهات. لای وابوو کەم کەس توانایی ئەوەی هەیە دایرە بەدووکەڵ سازبکات. لە پاش ئەوەی



ئاخر مژی لە سیغارەکەی دابوو بۆوەی بتوانێ درێژەی خەیاڵەکانی بگرێ، هەرتک دەستی لەسەر سنگی هەڵپێکابوو و سوێندی خواردبوو هەتا ئەو ڕۆ تاقە بەشەرێکیش بۆی نەکراوە یان نەیتوانیوە بیر لەو شتە بکاتەوە وا ئەو ئێستا بیری لێ دەکاتەوە و قەرارە هەر بەم زووانەش بەئاکامی بگەیەنێ و چەندین و چەند جاریشی بەتاقی کاتەوە.

ئەو پێی وابوو نالوێ یەکەو نەردوو تەپ دەیە سەر کارێکی تازە و بەتاقی کەیەوە. هەر بۆیەش بەباشتری زانی پێش ئەوەی دەستبەکاربێ هێندێک گەڵاڵە داڕێژێ و پاشان بەشێنەیی و لە ڕووی بەرنامەوە کارەکانی جێبەجێ بکات.

بۆ پیاوێکی ڕەقەڵە و بەلەباریک – کە خەریکی جگەرە کێشانە – باشترین کار ئەوەیە لاقی لە دیوار بێنێتە خوار و خۆی وێک بێنێتەوە و نەخشە بۆ کارەکەی بۆ ئەو کارەی وا هەست دەکا تازەیە و دڵی یەکجار پێی خۆشە بکێشێ و دڵنیا بێت لەم کارەی پەشیمان نابێتەوە، جا بۆیە وای کرد و هەتا ئەو جێیەی توانی خۆی وێک هێناوە و مەودای خەیاڵەکانی درێژە پێدا؛ بەڵام بەبێ ئەوەی من یان هەر کەسێکی دی بزانێ جەستەی ئارام ئارام خاو بۆوە و ماسوولکەکانی هێورهێور و هەناسەکانی تەگەرەیان تێکەوت و درێژبوونەوە. ئەوە نیشانەی ئەوە بووبێ خواستی خۆی خەوی لێکەوتووە. ئەوە حەقی زۆر کەسە کە بەدرێژایی شەش لاپەڕە نەحلەت بارانی کات. ئاخر ئەو مەلعوونە بەیانی کە لە خەو هەستابوو وەک ئەوەی نەبای دیبێ نە بۆران ئەوەڵ کارێکی کە کردبووی ئەوە بوو کە لە خورێنی و پێش ئەوەی دەم و چاوی بشوات سیغارێک داگیرسێنێ و لە بیری بچێتەوە دوێ شەو بیرێکی تازەی بەمێشکدا هاتووە؛ بیرێک کە تا ئەورۆ بەمێشکی کەسدا نەهاتووە و لەوانەیە بەم زووانەش بەمێشکی کەسدا نەیەت.

بەڵام نا ، ئەوە دیسان خەریکە لاقی بەدیوارەوە هەڵدەپەسێرێ و سەر لە نوێ دەست پێدەکاتەوە. کێ چووزانێ لەوانەیە پاشماوەی خەیاڵاتی دوێ شەوی خۆی گرتبێ. لە وەها حاڵەتێکدا نەک من بێتوو تەواوی دنیاش خڕبنەوە نازانن بیر لە چی دەکاتەوە. ئاخر کەسیش نابێ لەوە زیاتری چاوەڕوانی لە پیاوێکی ڕەقەڵە و بەلەباریک هەبێ کە لاقی بەدیوارەوە هەڵپەسێراوە و خەریکە بەتامەزرۆییەوە سیغار دەکێشێ.

ڕەنگبێ ئەوانەی لە چنگ تەنیایی وە زاڵە هاتوون، پێیان وابێ لەم حاڵەتەدا بۆ دەربازبوون لە تەنیایی ڕێیەکی دیوەتەوە کە لەوانەیە کەس تا ئێستا پێیدا نەڕۆیشتبێ. لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەم کەسانە پێیان وایە ئاشق بوون باشترین دەرمانی تەنیاییە. باشتر وایە بزانن ئەم ڕێیەش لەلایەن ئەو پیاوە ڕەقەڵە کە ئێستا لەسەر گازەرەی پشت کەوتووە و لە خاڵێکی لێڵی بن میچەکە دەڕوانێ بەشێوەیەکی یەکجار جیاواز بەتاقی کراوەتەوە.

بێتوو ڕاستتان بوێ، ئەو هەموو کارێکی بەشێوەیەکی جیاواز و تایبەت بەخۆی ئەنجام دەدا. هەر ئەو دایرانەی وا بەدووکەڵ سازی دەکردن، پێتان وایە هەروا بەسانایی توانی لە دووکەڵ دایرە سازکات؟

لە پێشدا توانیبووی دووکەڵی سیغارەکەی هەڵمژێ و بەگوێیدا بیهێنێتەوە دەرێ؛ بەڵام هەر ئەوەندەی بیستی کەسێکی دیش توانیویەتی ئەم کارە بکات کەوتە پێو سۆراغی ڕێیەکی تازە. ئەم حەولەی هاوکات بوو لەگەڵ پرسیارێکی تازە کە بەرەبەرە لێی دەبووە ڕازێکی تەماوی؛ ئەویش جوولانەوەی پەردەی ماڵی دراوسێکەیان بوو کە دیوار بەدیواریان بوون و پەنجەرەکەیان بەسەر حەوشەی ئەواندا دەکرایەوە. ماڵی دراوسێکەیان نهۆمێک لە ماڵی ئەوان بڵیندتر بوو. بێتوو ئەو پیاوە بەلەباریکە چووبایەتە سەربانی خۆیان و پووتییەکی لە بن لاقی دانابا دەستی بەو پەنجەرەیە ڕادەگەیشت. ئەو پەنجەرەیەی وا هەستی کردبوو هەر



وەختێکی پاش نیوەڕۆیان دەچێتە حەوشە و لەبن کەپری دارمێوەکەیان دادەنیشێ و سیغار دەکێشێ پەردەکەی دەکەوێتە جووڵەجووڵ. لەوانەیە جوولانەوەی پەردەی هەموو پەنجەرەیەک ئاسایی بێ و ئەم شتە بچووکە نەتوانێ سەرنجی کەس ڕابکێشێ؛ بەڵام سەرنجی ئەوی ڕاکێشابوو. لە ڕاستیدا ئەو قەت پێی خۆش نەبوو سەرنجی خۆی بداتە ڕووداوی گەورە؛ بێتوو سەد کەس لە کۆڵانەکەیان لێیان بووبا بەشەڕ و تێکیان هەڵدابا ، بۆ ئەو شتێکی ئاسایی بوو و قەت حازر نەبوو درگای حەوشەکەیان بکاتەوە و بزانێ چ باسە؛ بەڵام هەر ئەم ڕووداوە بچووکە و جوولانەوەی بەئاستەمی پەردەی دراوسێکەیان سەرنجی ئەوی ڕاکێشابوو؛ چونکێ توانیبووی چەشنێک پێوەندی نادیار لە نێوان هاتنە دەرێی خۆی و جگەرەکێشانی لەبن دارمێوەکەدا بەدی بێنێ. ئەو ئاشقی دیتنەوەی ئەم پێوەندییە بچووکانە بوو. هەستی کردبوو درێژەدانی ئەو کارەی بایەخی ئەوەی هەیە پێوەی سەرقاڵ بێت. سەرقاڵ بوون بۆ پیاوێکی بەلەباریک کە ٢٦ ساڵی تەمەنە و کارێک جگە لەوەی سیغار بکێشێ و ئێواران بچێتە خیابان و شەوانە تاریفی دەستاوی دایکی بکا دەرفەتێکی تاقانەیە. هەر بۆیەش سوور بوو لەسەر ئەوەی بەباشترین شێوە لەم هەلە تازەیە کەڵک وەرگرێ و درێژە بەم کایەیە بداو لایەنە تاریکەکانی ئەم پێوەندییە چووکەڵانەیە ڕوون کاتەوە. لەم بێنە و بەرەیەدا بەزۆر شت گەیشت. یەکیان ئەوە بوو کە لەو بەری پەردەکە کچێکی لێیە و پێی خۆشە ئەم کایەیە درێژەی هەبێ. هەڵبەت ئەو نەیتوانیبوو بە ڕۆژ بەم کەشفە بگات؛ بەڵکو ئەوەی لە شەوێکدا کەتەنیایی جاڕزی کردبوو لێ ڕوون ببووە. شەوێکی هاوین – کە ئاسمان ساوە و ڕووناکیی شار ناهێڵێ بەباشی ورشەورشی ئەستێرەکان ببینی – پاڵی بەدیوارەوە دابوو و جگەرەیەکی داگیرساندبوو. ڕوانیبوویە پەنجەرەی دراوسێکەیان و مچوورکێک بەلەشیدا تێپەڕیبوو؛ برقی دیوەکە هەڵکرابوو؛ پەردەکە کەلوپەلی نێو وەتاغەکەی لە لێلاییەکی خەستدا

شاردبۆوە. تارمایی کەسێک لە وەتاغاکەدا لە هاتوچۆدابوو؛ هێندێک ڕادەوەستا و وەڕێ دەکەوتەوە. جارجار لە پەردەکە نزیک دەبۆوە و لەبن کەپری دارمێوەکەی دەڕوانی. ئەویش لە حەوشەڕا هەستی کردبوو دەتوانێ بەدووکەڵی سیغارەکەی ئۆینی تازە بنوێنێ. هەرچەند لەو تاریکییەدا تەواو دڵنیا نەبوو، بەڵام پاش ئەوەی شەمچەی هەڵکردبوو زانیبووی توانیویەتی بۆ یەکەم جار بەدووکەڵی سیغارەکەی دایرە سازکات. لەگەڵ ئەوەی سەر لە نوێ دووکەڵی سیغارەکەی هەڵمژیبوو پەردەکەش لادرابوو، کچێک – کە قژەکانی بەسەر شانیدا هەرەسی هێنابوو لەوی ڕوانیبوو. پەردەکە دادرابۆوە و برقی دیوەکە کوژابۆوە. ئەویش لەگەڵ هەستێکی تازە لە دەروونیدا پشکوتبوو چووبۆوە ژوورێ هەتا دایکیشی لەم کارەی خۆی ئاگادار کات.
بۆ چەندین و چەند جار دایرەی بەدووکەڵی سیغارەکەی ساز کردبوو؛ بەڵام دایکی وەها نوقمی تەماشاکردنی تلوزێن ببوو کە بەم کارانەی ئەو گوێی نەدەبزاوت. هەڵبەت وەختی دیکەش لەگەڵ دایکی زۆر گەرم و گوڕ نەبوون و پێکەوە زۆر نەدەدوان. بەبێ ئەوەی زۆر لە کاری یەک وەکوڵن پێکڕاهاتبوون. دایکی سەری هەموو مانگێک دەچوو لە بانگ مووچەی بازنشستەگی باوکی – کە سپۆڕی شارەداری بوو و ساڵەها لەوە پێش مردبوو – وەردەگرت و بەو پووڵە ژیانیان ڕادەبوارد. دایکی دایم کۆنترۆڵی تلوزێنەکەی بەدەستەوە دەگرت و شەبەکەکانی ئەم بار ئەو باردەکرد، دایکی ئاشقی سریالی پۆلیسی و کارتۆنی "تام و جێری" بوو.

لە بەیانی ئەو شەوە ڕا هەستی کردبوو سیغارکێشان لە بن دارمێوەکە و ڕوانین لە پەنجەرەی دراوسێکەیان – کە ئێستا لۆیەک لە پەردەکەی لادرابوو – تامێکی دیکەی هەیە؛ تامێک کە ئاوێتەی دووکەڵی سیغارەکەی دەبوو و بەنێو دەمارەکانیدا بڵاودەبۆوە. هاوکات لەگەڵ ئەو هەستە تازانە، پەنجەرەکەش ئاڵوگۆڕی بەسەردا دەهات. چوارچێوەی پەنجەرەکە بەگوڵدانێک – کە چ گوڵێکی پێوە نەدەبیندرا – ڕازابۆوە و



پەردەکە لۆیەکەی دیشی لادرابوو.

ئەو قەت نەیتوانیبوو بەڕۆژ کچە ببینێ؛ بەڵام شەوانە وەختایەک دەچووە تاریکایی بن کەپرەکە و لە پەنجەرەکەی دەڕوانی کچەی دەبینی کە هەرتک دەستی داوەتە ژێر چەنەی و بەتاسەوە لە بن دارمێوەکە و پۆلووی سیغارەکەی ئەو دەڕوانێ. لەو وەختانەدا بەبێ ویستی خۆی، لە پەستا مژی لە سیغارەکەی دەدا و دایرەی بەدووکەڵ ساز دەکرد. پێیوابوو دەتوانێ بەبێ ماندوو بوون، مەودای دایرەکان هەتا بەر پەنجەرەکە درێژ کاتەوە و بەنێویاندا خۆ بگەیەنێتە کچە.

لەم ماوەیەدا هەستی بەچەند شتی بچووک کردبوو، کە تەنیا بۆ خۆی گرینگ بوون و دایکی قەت فرسەتی ئەوەی نەبوو گوێیان بداتێ؛ بێتوو فرسەتیشی بووبا حەوسەڵەی نەبوو، بیریان لێ بکاتەوە. دەهاتەوە بیری جاران سەعات ١٠ لە خەو هەڵدەستاو هەتا ئێوارێ کە وڵات فێنک دەبوو لەگەڵ دایکی خۆی بەتلوزێنەوە دەخافڵاند؛ پاشان بۆ پیاسە دەچووە خیابان و هەتا تاریکان نەدەگەڕایەوە ماڵێ. شەوانەش جیاوازییەکی وای نەبوو. سەر لەنوێ لەگەڵ دایکی تەماشای تلوزێنیان دەکرد، بەڵام ئێستا بەبێ ئەوەی بزانێ، بۆکوڕەی بەیانی وەخەبەر دەهات و خەوی لێ نەدەکەوتەوە. هەروەها بەباشی زانیبووی پێی خۆشە زووتر ڕۆژئاوا بێ و بچێتە بن دارمێوەکە و لەوێڕا هەتا ئەو جێیەی کچە ماندوو دەبێ تێی بڕوانێ و ماندوو نەبێ. شایەد هەریەکێک لەو شەوانە بووە کە کچە دەستی لێ هەڵتەکاندووە و کاغەزێکی بۆ فڕێداوەتە حەوشە؛ وەختایەک خوێندوویەتەوە جگە لە ڕستەیەک چیدی تێدا نەنووسراوە:

دەکرێ منیش فێرکەی

هەر ئەوەندە. ئەویش لە وڵامدا نووسیبووی: «دەبێ لە پێشدا بتوانی...» بەڵام کاغەزەکەی گرمۆڵە کردبوو و بۆی نووسیبوو:

ئەی بۆ ناکرێ فێرت کەم.

چووبووە سەربان و پووتییەکی خستبووە بن لاقی و کاغەزەکەی دابووە دەست کچە.

ئەو جار هەموو شەوێک بەمەودای سەعاتێک دەچووە سەربان و بەسرتە نهێنی ئەو دایرە خۆڵەمێشییانەی بۆ دەدرکاند. جگەرەی دادەگیرساند و یەک لە دوای یەک دایرەی ساز دەکرد. پاشان سیغارەکەی دەبرد بۆ لێوی کچە هەتا ئەویش ئەم کارە بەتاقی کاتەوە. وەبیری نەدەهاتەوە چەند شەوی خایاندووە؛ بەڵام ئاخری کچە توانیبووی بەدووکەڵی سیغار دایرە ساز کات. هەر ئەو شەوەش لیزگەیەک مووروو بۆ ساتێک لەملی کات و ئەو گەورەترین دایرە کە لە زەینی کەسدا جێی نابێتەوە ساز کردبوو. پاشان کچە کوتبووی سەرت بێنە پێش و ئەو دیبووی مژێکی قووڵی لە جگەرەکەی داوە و لێوی بەلێوی ئەوەوە ناوە و بەحەژمەت دووکەڵ و هەڵاوی نێو زاری ڕژاندۆتە هەناوییەوە. هەستی کردبوو لاقی لە عەرزی براوە و ئارام ئارام بەرەو سەرێ هەڵکشاوە. کوتوپڕ بەربۆتەوە و لەسەر پووتییەکە تخێڵ بووە. وەختایە چاوی هەڵێناوە ئەستێرە دەنک دەنک ڕژاونەتە زەینییەوە. دەنگە دەنگی دایکی سەرنجی ڕاکێشاوە کە یەک بەخۆی نەڕاندوویەتی:

وەرە خوارێ وەک ئاوێنە دەیدا.

هاتووەتە خوارێ و دیویەتی پەردەی ماڵە جیرانەکەیان دادراوەتەوە و برقی دیوەکەیان کوژاوەتەوە.

بەڵام بێگومان ئەوانە و زۆر شتی دیکەش چ پێوەندییەکیان بەو بیرە تازەوە نییە وا ئەو شەوە بەمێشکیدا تێپەڕیبوو. هەر بۆیەش نابێ کەس پێی سەیربێ کە بۆچ ئەو پیاوە ڕەقەڵە و بەلەباریکە - کە لاقی بەدیوارەوە هەڵپەسێراوە ئاوا دەکا و ئەم ئۆینانە چییە وا بە دووکەڵی سیغارەکەی



دەیانئوێنێ. بێتوو ڕاستتان بوێ ئەو توانیبووی ڕێیەکی تازە بدۆزێتەوە؛ ڕێیەک کە تا ئەورۆ کەس پێیدا نەڕۆیشتووە و دڵنیاش نیم کەسێک بتوانێ بەم زووانە پێیدا بڕوا. تازەیی ئەم ڕێیە وەختایەک باشتر دەردەکەوێ کە بیبینی چلۆن لەگەڵ دایکی دانیشتوون و بەجووت تەماشای کارتۆنی (تام و جێری) دەکەن و یەک بەخۆیان پێدەکەنن. ئەویش نەک پێکەنینێکی ئاسایی بەڵکو پێکەنینێک کە توانیوبەتی بۆ جارێکی دیش پەردەی ماڵە جیرانەکەیان وە جووڵە جووڵ بخات.

# پێڕست


بەسەرهاتی ئەو چیرۆکنووسەی پێی خۆش بێ بەشەوێک چاردە چیرۆک دەنووسێ ... 5
زارم بۆنی مۆزی لێ نایە ........ 9
بابم پیاوێکی سەیرە ........ 11
ڕووداوێکی دڵتەزێن ........ 15
کەس نازانێ خاڵم جۆناوچۆن خۆی دەکوژێ ........ 17
گۆچانێک بۆ ئەفلاتوون ........ 25
گیرفانێک پرتەقاڵی خوونی ........ 31
چا... چایەکی گەرم ........ 33
هوبووت ........ 37
ئاغای (Y) بیر لەم حەیس و بەیسانە ناکاتەوە ........ 39
پشکووتن ........ 41
کەس لە ماڵ نییە ........ 43
فەرامۆشی ........ 45
خولیا ........ 47
مەرگی ئاخر قومارباز ........ 49
ناکواریۆم ........ 51
تابلۆیەکی قەدیمی ........ 53
درۆیەک بۆ چوارشەممۆی داهاتوو ........ 55
ئەو وەختانەی شەترەنج دەکەم ........ 57
ململانەیەکی فەلسەفی ........ 59
تەقریبەن پیاوێکی ئاوا ........ 61